# سەرنجێکی خێرا بە توێژینەوە سایکۆلۆژیەکەی فریشتە کەوەدا دەربارەی کارەساتی هەڵەبجەو نەخۆشیە دەرونیەکان و بارودۆخی سایکۆلۆژی قوربانیەکان.

ئەمیر قادر – هۆڵەند



hangau@gmail.com

(کارەساتی هەڵەبجە،توێژینەوەی سایکۆلۆژی) لیکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی فریشتە کەوەیە کە نامەی ماستەرەو بەشیوەی کتێبیش دەزگای ئاراس لەهەولێر چاپی کردووە،فریشتە و لێکۆڵینەوەکەی دەچێتە خانەی جیلێکی تازە کە کارەساتی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان تارمایی خۆی خستۆتەسەر، بەڵام فریشتە بوارێکی هەڵبژاردووە کە دەرەقەتی خوێندنەوەیەکی زانستیانەی ئەم کارەساتەبێت. فریشتە 13 ساڵان بووە کە کارەساتی هەڵەبجە ڕوویداوە،ئەم کارەساتە لای فریشتە بووەتە گرێیەک و بەدوای کردنەوەیدا وێڵە ، ماستەرنامەکەی فریشتە بەدوای کردنەوەی ئەم گرێیەوەیە وقوڵبوونەوەیەکی سایکۆلۆژیە،کە وێرای ئەوەی دەیەوێت وەڵامی پرسیارێکی گرنگن بداتەوەو بچێتە مەیدانێکەوە کە کەمترین قسەی لەسەرکراوەو زۆرترین کارو قسەو توێژینەوە هەڵدەگرێت بەڵام دیسان فریشتەو باسەکەی دەبێت پانتاییەک بۆ مێژوو و مێژووی کارەساتەکەو هەڵکەوتەی جوگرافی شوێنی کارەسەتاکە بەجێ بێڵێت و لەسەریان ئەرگومێنت و بەڵگە بدات بەدەستەوە بەتایبەت کە ئەم نامەی ماستەرە لەوڵاتێکی ئەوروپیەو ئەم پانتایانەش گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە،من پێم وایە فریشتە لەمەدا بەکورتی و پوختی زۆرشتی باسکردووە و لەسەر گرنگترین سەرچاوەکان کەتائێستا لەبەردەستدان شارەزایانە کاری کردووە،بەشی گرنگی باس و لێکۆڵینەوەکەی فریشتە شۆڕبوونەوەیە بەدونیا نەبینراوەکەی ئەودیودا و ئازارە شاراوەکانی قوربانیەکاندایە، سوتماک و شوێنی تراوماو بەجێمانی ئەمەو مانەوەی کاریگەریەکانی لەسەرقوربانیەکان و بەبێدەنگ ئازارچەشتن وکەمترین ئاماژەپێکردن و بەیانکردنی لەلایەن قوربانیەکانەوەیە، نەخۆشیەکی موزمن و درێژخایەن و کەم باس لێکراوو هەندێک جاریش باس لێنەکردنی لەلایەن قوربانیەوە بەهۆی عەیبەو ترس و تەقلیدەوە !.

## Posttraumatic stressdisorder PTSD

ئەم نەخۆشیە چەقی لێکۆڵینەوە سایکۆلۆژیەکەی فریشتەیە کەلێیەوە دەیەوێت بەدوای ئەم نەخۆشیەدا لە ناو قوربانیەکانی هەڵەبجەدا کەتراومای کیمیابارانیان بینیووە کاریگەریەکانی و بوونی ئەم نەخۆشیە دەستنیشان بکات، ئەم نەخۆشیە لەمانوێڵی ستانداردا بۆ ناساندن وستاندارد کردنی نەخۆشیە دەرونیەکان کەسەرچاوەیەکی ئەمریکیە،لەڕیزی ئەونەخۆشە دەرونیانەوە دێت لە ئەنجامی ترس و تۆقاندنەوە دروستدەبن، ئەم نەخۆشیە بەهۆی بارودۆخێکی پڕ تەنگژەو دێتە پێش کەتیایدا هەڕەشەی مردن و لەناوچوون یان پەک کەوتن هەن و تراوما ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە ، جەنگەکان و جەنگە ناوخۆی و مەدەنیەکان، یان پەلاماردانی بیرەحمانەو بە

هێز،تەجاوەز پێکردن،و خراپ کەڵک لێوەرگرتن لە مێنتاڵ ولەشی کەسانێک نموونەی ئەم بارودۆخانەن کەئەم تراومایە بەرهەم دێنن.

ئەم باسە لە 112 لاپەڕەدا باسی لێدەکرێت و لێکۆڵەرەوە مەیدانی دەچێت و داتاکان و پرسیارەکانی لەگەڵ قورابانیەکان لەلایەکەوە کەخەڵکی هەڵەبجەن و تراوماکەیان بینیوە یان تیایدا ژیاون گرووپی بەرانبەر کە لەوتراومایەدا نەبوون و لەشاری سلێمانین و وەک نموونەی کۆنترۆل کردنی بەرانبەرەکان بەکاردێن توێژینەوکەی دەکات.




تێزەکانی ئەم لێکۆڵینەوە دەیەوێت بە 3 ئەنجامگیری بگات،کە بریتین لەوەی (ئەوانەی لەتراومای هەڵەبجەدا بوون دەبێت ئەم تراومایەیان زیاتر پێوەدیاربێت تا لەوانەی کەلەسلێمانین و لەکارەساتەکەدا نەبوون ،دووەم ژنان و ئەوانەی ئاستی خوێندەواریان نزمە دەبێت ئەم تراومایەیان زیاتر پێوەدیاربێت لەکەسانی خوێندەوارترو پیاوان، سێهەم ئەوکەسانەی لە تراوماکەدابوون وهاوکاری کۆمەڵایەتیان هەیە دەبێت شوێنەواری ئەم تراومایەیان تێدا کەمتربێت)

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەڕیگەی ژمارەیەک پرسیاری وردەوە شۆردەبێتەوە بەناو ماکەکان و نیشانەکانی ئەم تراومایەوەو لەئەنجامی کۆکردنەوەی داتاکان و وەڵامی پرسیارەکانەوە ئەوەساغ دەکاتەوەودەستنیشان دەکات کە دوو لەو سێ ئەنجام گیریەی سەرەوە وەڵام دەداتەوەو سێهەمیشیان کە مەسەلەی یارمەتی کۆمەڵایەتیە بە

ڕوونی دەرناکەوێت ،لێکۆڵەرەوە بۆئەمەش شیکردنەوە دەکات و وەڵامی پێیە کە ئەم پرسیارە هەل ومەرجی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵی سۆسیالی خەڵک بەر بەوەڵامە ڕاستە کەدەگرن، دواتر کەبەتەنهاو بە جیاجیا هەمان پرسیارلە ئەوکەسانەدەکات ڕاستی ئەمەش کەمێک زیاتر ڕووندەبێتەوە.

لێکڵەرەوە دەگاتە ئەوئەنجامەی کەبەڵێ لەناوخەڵکی هەڵەبجەدا نەخۆشی (پی.تی.ئێس، دی) کەلەسەرەوە باسم کرد بەپلەیەکی بەرزهەیە و بەمەش دەستدەخاتە سەر بابەت و گرێیەکی گەورە کەنەخۆشیە دەرونیەکانە کە وێڕای نەخۆشیەکانی تری خەڵکی هەڵەبجەو جینۆسایدکراو و ناوچە ئەنفال کراوەکان،سەرجەم ئەمانە دەبنە بەربەستی گەورە لەبەرانبەر گەشەکردن و هەستانەوەی جارێکی تری خەلکی هەڵەبجەو ئەوانەی تر کە دوچاری ئەم تراومایە بوون و بەمەش دەوریان لەبەرهەم هێنان و بەشداری کۆمەڵایتیدا کەم و کزدەبێت و نەک هەرخۆیان بەڵکو نەوەکانی داهاتووشیان سێبەری ئەم تراومایە بەسەرژیانیانەوە دیاردەبێت.

فریشتە بەهۆی خوێندنی لەزانکۆیەکی ئەوروپی هەمەلایەنەو پوخت باسەکەی دەکات و زیادەڕۆیی لەزانیای وداتادا ناکات ، بەڵام زۆر پرسیاری کراوەش بەجێ دێڵیت و لەهەمان کاتدا سەرنجی خۆی لەسەرباسەکەو ئەوفاکتەرانەش کەدەوریان لە کەم کاتی و بەدڵی خۆکارنەکردنی لەسەر لێکۆڵینەوەکەبووە دەخاتە ڕوو،ئەم ماستەرنامەیە ڕەنگە جیاوازی لەگەڵ زۆرێک لەو ماستەرنامانەی کوردستان و عێراقدا ئەوەبێت کەبە چاوی دڵ و بۆ وەڵامی پرسیاریکی دێرین کەلە 13ساڵیدا ڕویداوە دەگەڕێت و دەپرسێت و توێژینەوە دەکات.

6 ساڵ لەمەوبەر کەدەستم کرد بەکار لەسەردۆزی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان لەڕێکخراوی چاکداو لێکەوتم لەگەڵ قوربانیەکاندا لەنزیەکوە بوو و ڕووبەڕوو قسەو داوکانی وانم گوێ لیگرت و وەرم دەگێڕان،تەکانێکی گەورەو خورپەیەکەی کوشندەبوو لەژیانی مندا،تیگەیشتم کەبارودۆخی ئەم کەسانە لەلایانی دەرونیەوە چەند ماندووە و چەندیش ئاڵۆزە، کەلە مانگی یەکی ئەمساڵدا سەردانی کوردستانمان کرد لەگەڵ دەلەگاسیەکی هۆڵەندیدا بۆ کۆنگرەی بەجیهانیکردنی جینۆسایدی خەڵکی کورد،پەرلەمانتارە هۆڵەندیەکان ئەوەیان خستە دەستورەوە خوازیارای ئەوەبوون کە بۆئەم مەسەلەیە لێکۆڵینەوەی هەمەلایەن لەسەر دۆزی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان وهۆکارو ئاکامەکانی بکرێت و لەوانەش هاوکاری دەرونی قوربانیەکان جێگەیەکی تایبەتی هەبێت و ئەوانیش ئامادەییان دەربڕی کەوا لەوڵاتی هۆڵەندابکەن کەلەم هاوکاریەدا بەشی هەبێت،ئەمسال لە 20 ساڵەی یادی هەڵەبجەو ئەنفالدا لەپانێلێکدا کەڕێکمان خستبوو پرسیاری ئەوەم لە ژنە پەرلەمانتاری هۆڵەندی کریستا ڤان فێلزن کرد کە هۆی چیە کوردەکان لەناوخۆیاندا ئەم هەموو ناکۆکیانەیان هەیەو، بە ئاستێکە کە ناتوانن لەگەڵ یەکدا کاربکەن و هەندێک جار هاوکاری دۆژمنەکانایان پێ ئاسانترە لەباس و کۆمپرۆمی لەگەڵ یەکدا ، کریستا بە کەمێک سوبوونەوە ووتی من لام وایە ئینسانی کورد دوای ئەم هەموو شەڕو زوڵمە،توشی تراومایەکی ئینسای گەورەبووە،کەبەڕاستی کاری کۆمەڵگای ناودەوڵەتیە کە یارمەتیان بدات تا لەم تراومایە ڕزگاریان ببێت، من پێم وایە لێکۆڵینەوەکەی فریشتە و بۆچوونی دۆستەکانمان لەوەدا یەکدەگرنەوە سێبەری شەڕوو ماف پاماڵکردن و تەجاوزو کوشتن و هەڵاواردن ئینسانی کوردی لەتراومادا ڕاگرتووە، ئەمە دۆزینەوەیەکی گرنگەو نرخی لەوەدا دەردەکەوێت کە دەرمانی ئەم دەردە لەکوێیەو چۆن دەتوانین لەم تراومایە ڕزگارمان بێت وکام ناوەندی ناودەوڵەتی و ڕێکخراو ئامادەن و، ئێمە سۆراغیان دەکەین و دێن کە کچان کوڕانمان باربێنن و لەهەر نەخۆشخانەیەکداو بەتایبەتیش لە هەڵەبجەو ناوچە ئەنفال کراەکانداو کەسانی تایبەتمەند وشوێنی تایبەت بۆ ئەم نەخۆشیە بکرێتەوەو هاوکاری نەخۆشەکان بکرێت.

فریشتە کەوە پەردەیەک لەڕووی ئەم داوی جاڵجاڵۆکەیە لادەبات و من ئومێدمە کە لەداهاتوودا خۆی بەهاوکاری لایەن و گروپە تایبەتمەندەکانەوە لەهەوڵی پێک هێنانی ئینستوتێکدابن تایبەت بەم نەخۆشیەو

حکومەت و لایەنە بەرپرسەکانیش لەم پەیوەندەوە هاوکاربن و،ئومێدیشمە کە فریشتە نامەی دکتۆراکەی وەڵام بێت بەو پرسیارە زۆرو زەبەندانەی کە کەوەڵامی زانستی و ئەکادیمی هەڵدەگرن،لەچەشنی کاریگەری ئەم تراومایە لەسەر ژنانی ئەنفال کراو و تەجاوەزپێکراو؟،زیندانیە مۆراڵ شکێنراوەکان؟ ،منداڵانی ئەم کەسانەی کە ئەم نەخۆشیەیان هەیەو هەنگاوە پێویستەکان بۆ بەرگرتن بە موزمن بوونی ئەم نەخۆشیە لە نەوەکانی داهاتوودا؟ .

---

بۆ خوێندنەوەی کتێبەکە لێرە کلیک بکە

بۆ گوێگرتن لە گفتوگۆی فریشتە لەگەڵ ڕادیۆی هاوپشتی لێرە کلیک بکە